Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian- Conf-Sajade, 22

# خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەددین سەجادی)
# بە پێی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری

سروشت جوهر حوێز

بەشی کوردی - کۆلێجی پەروەردە - زانکۆی کۆیە - کوردستانی عیراق .

*Article Info*

Received: May 2022
Accepted : June, 2022
Published :October,2022

*Keywords*

کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەددین سەجادی، میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری

Corresponding Author

srusht.jawhar@koyauniversity.org

**پوختە**

دەق ئەدەبی یەکەیەکی یەکگرتووی لەنێو خۆییدا پێکهێناوە ، کە کۆمەڵێک بنەماو ڕەگەزی جیاوازی لەخۆگرتووە ، لەڕێگەی میتۆدەڕەخنەییەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت ، ڕەخنەی ئەدەبیش بە تێپەربوونی کات گۆڕانی بەسەرداهاتووەو پەرەی سەندووە کۆمەڵێك میتۆدی ڕەخنەی جیاواز بە پێی پێویستی هاتنە کایەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا ، کە هەریەکەیان بە پێی تایبەتمەندی خۆی لە دەق ئەدەبی دەکۆڵنەوە. ڕەخنەی تەواوکاریش یەکێکە لەو میتۆدە تازانە لە ئەدەبی کوردیدا ، کە هەمەلایەنەیە و لە هەموو ڕەگەزو پێکهاتە جیاوازەکانی دەق ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەددین سەجادی) بە پێی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری )هەوڵێکە بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوە لەم میتۆدە ڕەخنەییەو دیاریکردنی سروشت و تایبەتمەندییەکانی لە بواری لێکۆڵینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا ، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵمانداوە بەشێکی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەددین سەجادی)وەکو کەرەستەی لێکۆلینەوە وەربگرین ، ویستومانە ئەم میتۆدە لەم کتێبەدا لە بەشی ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێکدا بسەلمێنین. لەم لێکۆلینەوەیەدا ڕێبازی ڕەخنەی تەواوکاری و ڕێبازی شیکاریمان بەکارهێناوە. پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکەشمان بەمجۆرە دارشتووە ، جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە : بەشی یەکەم تەوەری یەکەم : چەمك و زاراوەی تەواوکاری (التكاملي) ، تەوەری دووەم: میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و لێکۆڵینەوەی دەق ئەدەبی لە ناوەوەو دەرەوەدا (ڕوخسار و ناوەرۆک)، تەوەری سێیەم: مێتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و سێکوچکەی ( ئەدیب ـ دەق ـ خوێنەرو خوێندنەوەی دەق). بەشی دووەم تەوەری یەکەم : مێتۆدە ڕەخنەییەکان لەم کتێبەدا ١- مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆد لەم کتێبەدا ٢- مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەم کتێبەدا ، تەوەری دووەم : لێکۆڵینەوەی ڕوخسار و ناوەرۆکی دەق شیعری ، تەوەری سێیەم : سێکوچکەی ( شاعیر – دەق – خوێنەر) لەم کتێبەدا : ١ -شاعیر ٢- دەق (دەقە شیعریەکان) ٣- خوێنەرو خوێندنەوەی دەق.

**پێشەکی:**

دەق ئەدەبی لە کۆمەڵێک بنەماو رەگەزی جیاواز پێکهاتووە یەکەیەکی یەکگرتووی لەنێو خۆییدا پێکهێناوە ، لەرێگەی میتۆدەرەخنەییەکانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت ، کە هەریەکەیان بە پێی سروشت و تایبەتمەندی خۆیان لە سنورێکی دیاریکراوی دەقدا لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجامداوە ، رەخنەی تەواوکاریش یەکێکە لەو میتۆدە تازانە لە ئەدەبی کوردیدا ، کە هەمەلایەنەیە و لە هەموو رەگەزو پێکهاتە جیاوازەکانی دەق ئەدەبی دەکۆڵێتەوە. (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەددین سەجادی) بە پێی میتۆدی رەخنەی تەواوکاری )هەوڵێکە بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوە لەم میتۆدە رەخنەییەو دیاریکردنی سروشت و تایبەتمەندییەکانی لە بواری لێکۆڵینەوەو رەخنەی ئەدەبی کوردیدا ، بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵمانداوە بەشێکی کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی (عەلائەددین سەجادی)وەکو کەرەستەی لێکۆڵینەوە وەربگرین ، ویستومانە ئەم میتۆدە لەم کتێبەدا لە بەشی ژیان و بەرهەمی چەند شاعیرێکدا بسەلمێنین.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە: دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تا ئێستا میتۆدی رەخنەی تەواوکاری لە بواری رەخنەی ئەدەبی بە وتار و لێکۆلینەوەی ئەدەبی کەم باسکراوە لە چاو میتۆدەکانی تر.

رێبازی لێکۆڵینەوەکە : لەم لێکۆلینەوەیەدا رێبازی رەخنەی تەواوکاری و رێبازی شیکاریمان بەکارهێناوە.

پرۆگرامی لێکۆڵینەوەکە: جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە .

بەشی یەکەم:

تەوەری یەکەم : چەمك و زاراوەی تەواوکاری (التکاملی) .

تەوەری دووەم: میتۆدی رەخنەی تەواوکاری و لێکۆلینەوەی دەق ئەدەبی لە ناوەوە دەرەوەدا (روخسار و ناوەرۆک).

تەوەری سێیەم: مێتۆدی رەخنەی تەواوکاری و سێکوچکەی ( ئەدیب - دەق - خوێنەرو خوێندنەوەی دەق).

شی دووەم:

تەوەری یەکەم : مێتۆدە رەخنەییەکان لەم کتێبەدا

١- مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆد لەم کتێبەدا.

٢- مێتۆدە رەخنەییە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەم کتێبەدا .

تەوەری دووەم : لێکۆڵینەوەی روخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری.

تەوەری سێیەم : سێکوچکەی ( شاعیر – دەق – خوێنەرو خوێندنەوەی دەق) لەم کتێبەدا : ١ -شاعیر ٢- دەق (دەقە شیعریەکان) ٣- خوێنەرو خوێندنەوەی دەق.

## بەشی یەکەم

### تەوەری یەکەم : چەمک و زاراوەی تەواوکاری (التکاملی)

زاراوەی تەواوکاری(التکاملی) لە زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی(Integration)ی بۆ بەکارهاتووە ، کە بەواتای (ئاوێتەو تێکەڵاوبوون) یا (تەواوکاری)دێت ، بەمەبەستی ئەوەی لە کردارێکدا بەشە جیاوازەکانی سیستەمێک کۆدەکاتەوە بۆ دڵنیابوون لە کۆک بوون و بە چاکی بەڕێوەچوونی تەواوی سیستەمەکە. (www.wikipedia.com) واتە بریتییە لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێك رەگەز و واتا و بۆچوونی جیاواز ، گونجاندنیان لەیەك رێباز یا میتۆددا ، بە شێوەیەکی تەواو و یەکگرتوو . لە زمانی عەرەبیشدا (التکاملی) کەلە زمانی کوردیدا بە واتای تەواوکاری دێت بۆی دانراوە، وا پێناسەکراوە بریتییە لە ((کۆکردنەوەو بەیەکەوە گونجان و ئاوێتەبوونی کۆمەڵێک بەهاو رەگەز و پێوەرو میتۆدی جیاواز لە یەک میتۆدی تەواودا ، کە هەموویان لە خۆدەگرێت))(صلبە،١٩٨٢، ٢٢٢). واتە لەبەیەکەوە بەستنەوەی بەشەکانی بونەوەرێکی زیندوو ، یان بەیەکەوە بەستنەوەی گشت بەشەکان .

(د.جمیل صلبە)لە کتێبی (المعجم الفلسفی)ئاماژە بەناوی (سنسەر)دەکات ، کە یەکەم کەس بووە واتا و دەلالەتی ئەم زاراوەیەی دیاری کردووەو دەڵێت:((گواستنەوە لە حاڵەتێکی پەرش و بڵاوییەوە ، کە ناکرێت هەستی پێ بکرێت ، بۆ حاڵەتێکی چڕکردنەوە ، کە دەتوانرێت هەستی پێ بکرێت ، واتە لە حاڵەتێکی تەمومژییەوە بۆ حاڵەتێکی روون و گونجاو.))(صلبە،١٩٨٢، ٢٢٢) واتە کۆکردنەوەی کۆمەڵەیک رەگەزی جیاوازە لە رێبازێکی دیاریکراودا.

هەر بۆیە تەواوکاری بەکارهێنانێکی فراوانی هەیەو لە زۆربەی زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەکارهێنراوەو، لە هەموو بەکارهێنانەکانیشدا بۆ کۆکردنەوەو گونجاندنی کۆمەڵێک رەگەزو واتای جیاوازە لە رێبازێکدا بە یەکگرتوویی ، ئەمەش لە پێناو بەرهەمهێنانی شێوەیەکی گشتی ، تاوەکو هەموو کۆمەڵەو رەگەزە جیاوازەکان لە خۆبگرێت. لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین تەواوکاری زیاتر بۆ سیستەمێکی تەواو گشتگیر و بێ کەموکورِی بەکاردێت و گشت پێکهاتەو رەگەزە جیاوازەکان بەیەکەوە سیستەمێکی تەواو پێکدێنن و کەهەمووشیان تێیدا بەشدارن ، کە سیستەمێکی فرەلایەنەو گوجان لە پێکهاتە جیاوازەکەدا هەیە. لێرەدا بە روونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت تەواوکاری وەکو میتۆدێکی رەخنەیی بۆ لێکۆڵینەوە لە دەق ئەدەبی لە هەموو لایەنە جیاوازەکانی دەکۆڵێتەوە . (ستانلی هایمەن) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (رەخنەی ئەدەبی و قوتابخانە نوێیەکانی) لە کۆتایی کتێبەکەی دا باسی (رێبازی رەخنەی تەواوکاری _ مذهب نقدي متكامل) دەکات ، پێیوایە کە رێبازەکەی بریتییە(( لە لێکدان و ئاوێتەکردنی رێباز و شێوازە زانستییەکانی تر ، پێیوایە کاتێك رەخنەگرێکی مێتۆدی رەخنەی تەواوکاری لە دەقێك یان بەرهەمێکی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە ، ئەوا لە هەموو لایەنە جیاوازەکانی دەکۆڵێتەوە و سوود لە زانیاری مێتۆد و رێبازە رەخنەییە جیاوازەکانەوە وەردەگرێت)). (هایمن،١٩٥٨،٢٤٥). لەبەرئەوەی((دیاردەی ئەدەبی دیاردەیەکی ئاڵۆز و بەناویەکدا چووە ، چەند لایەن و رەهەندێکی جۆراوجۆری هەیە ، لەئەنجامی ئەوەشدا دەکرێت دیاردە ئەدەبییەکان بچنە ناو پسپۆڕێتی و زانستە جۆراوجۆرەکانەوە ، وەکو زانستی زمان و زانستی کۆمەڵایەتی و مێژوو و دەروونی و....))(حجازی،٢٠٠١،١٩٥) کەواتە دەق ئەدەبی دیاردەیەکی ئاڵۆزە و لە چەندین رەگەز و پێکهاتەی جیاواز دروست بووە ، بۆیە ناکرێت لە یەک روانگە یان یەك پێکهاتە و رەگەزەوە لێی بکۆڵینەوە و شی بکەینەوە ، ناکرێت لە دەقێکی ئەدەبیدا هەموو ئەو هۆکار و رەگەزانە فەرامۆش بکرێن ، کە دەوری سەرەکیان لە پێك هێنانی دەق ئەدەبیدا هەبووە ، هەموو ئەمانەش لە مێتۆدی رەخنەی تەواوکاریدا بەدی دێت ، چونکە ئەم مێتۆدە مێتۆدێکی هەمە لایەنە ، لە هەموو رەگەز و پێکهاتەکانی دەق ئەدەبی دەکۆڵێتەوە ، بەبێ جیاوازی و بڕوای بە هەرەوەزی نێوان مێتۆدە رەخنەییە دەرەکی و ناوخۆییەکان لە لێکۆڵینەوە و

شیکردنەوەی دەق ئەدەبیدا هەیە ، لەبەرئەوەی مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکییەکان و ناوخۆییەکان هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە سەیری دەقی ئەدەبی دەکەن و تەنها گرنگی بە یەك لایەنی دەقی ئەدەبیی دەدەن . کەچی مێتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری هەردوو جۆری مێتۆدە ڕەخنەییەکان (دەرەکی و ناوخۆیی) لەخۆی دەگرێت ، هەوڵی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەی هەموو پێکهاتە ڕەگەز و لایەنێکی بەشداربوو لە دەقی ئەدەبیدا دەدات ، بۆ نمونە لەوهۆکارە دەرەکیانەی دەقی ئەدەبیدا بەشدارن کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر خودی ئەدیب و دەقی ئەدەبییەوە هەیە ، کاتێک بەوردی لە ژیانی ئەدیب و ژینگەو سەردەم و ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیاوە و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و .....هتد دەکۆڵێتەوە ، هەروەها لە بنیاتی گشتی هونەری دەقەکەو لایەنی جوانی و بنیاتی زمان و وێنەو شێوازی گشتی و دەکۆڵێتەوە ، واتە میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لە گشت گۆشەنیگایەکەوە سەیردەکات و لێیدەکۆڵێتەوە ، چونکە بە لای ڕەخنەگرانی سەر بەم میتۆدەوە هەر پێکهاتە و ڕەگەزو لایەنێکی جیاوازی دەقی ئەدەبی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و لایەنێکی شاراوەی دەقەکە ئاشکرا دەکات، واتە بە چاوێکی گشتی و تەواوکارییەوە سەیری دەقی ئەدەبی دەکات . میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لە توانای داهەیە

هەموو کەموکوڕییەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکانی تر چارەسەربکات ، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە میتۆدێکی هەمەلایەنە ، ڕەخنەگری سەر بەم میتۆدە دەبێت تەواو ئاگای لەوەبێت ، کە هیچ ڕەگەزو پێکهاتەو لایەنێک لە کاتی لێکۆڵینەوەدا بەسەر ئەوانی تردا زاڵ نەکات .

. لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین لە کاتی پراکتیزەکردنی ڕەخنەی تەواوکاری لە دەقی ئەدەبیدا ڕەخنەگر هەوڵی لێکۆڵینەوە و زانینی ژیانی ئەدیب(داهێنەری دەقەکە) دەدات و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەروونی بۆ ئەدیب و دەق دەکات و گرنگیدان بە لایەنی کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە لەو ژینگە و سەردەمەی کە ئەدیبەکەی تێدا ژیاوە و گرنگیدان بە بابەت و مەبەست و ناوەڕۆکی دەق. هەروەها زانینی هۆو بۆنەی نووسینی دەقەکە و ئەو (کات و شوێن)ی کە دەقەکەی تێدا نوسراوە ، دواتر لێکۆڵینەوەی دەقەکە لە ڕووی بنیاتی گشتی هونەری و جوانی ، کە ئەمەش لایەنی (ڕوخسار یان شێوەی هونەری) دەقەکە دەگرێتەوە ، بۆ نموونە لە دەقێکی شیعریدا دەبێت لەم ڕەگەز و پێکهاتانەی دەق بکۆڵینەوە لەوانە - زمانی شیعری دەقەکە - وێنەی شیعری دەقەکە . - ئەو هونەرە ڕەوانبێژیانەی کە تێیدا بەکارهاتوون - ئەو ڕەمزانەی کە تێیدا بەکارهاتوون - کێش و جۆرەکانی - سەروا و جۆرەکانی - مۆسیقای شیعری دەقەکە. لێکۆڵینەوەش لەم لایەنە جیاوازانە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی فراوان و شارەزایی و لێهاتوویی ڕەخنەگر و وردبینی لە لێکۆڵینەوەدا هەیە ، دەبێت ڕەخنەگر شارەزایی لە زانستە جیاوازەکان و هەموو مێتۆدە ڕەخنەییەکانەوە هەبێت .

**تەوەری دووەم: مێتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی لە ناوەوە و دەرەوەدا (ڕوخسار و ناوەڕۆک)**

لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە دەرەوەو ناوەوە ، کە میتۆدە ڕەخنەییە دەرەکییەکان تەنیا گرنگی بەو هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتی دەروونی و ئابووری و ژینگەییانە دەدات ، باسی (ئەدەب و ژیاننامە ، ئەدەب و دەروونناسی ، ئەدەب و کۆمەڵگا ، ئەدەب و بیر ، ئەدەب و) هونەرەکانی تریان کردووە ، میتۆدە ڕەخنەییە ناوەکییەکانیش دەقی ئەدەبی وەکو بنیاتێکی سەربەخۆ دادەنێت و لە بنیاتی زمانی و هونەری و (ئەژاد ، ڕیتم ، کێش ، شێواز و شێوازگەری ، وێنەی خوازە ، ڕەمز ، ئەفسانە ،....هتد)دەکۆڵێتەوە ، واتە دەق لە هۆکارەکانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی ...هتد دادەبڕێت و گرنگی بە ڕەگەز و پێکهاتەی ناوەوەی دەق دەدات.لە ڕێگەی میتۆدە ڕەخنەییەکانی شێوازگەری و بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ڕەخنەی نوێ و ...( وارین،١٩٨٧. ٢٠٢) دەتوانین بڵێین ئەو مێتۆدە ڕەخنەییانەی لە دەرەوە لە دەقی ئەدەبیی دەکۆڵنەوە ، ئەمانەن : مێتۆدی ڕەخنەی مێژوویی ، مێتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. ، مێتۆدی ڕەخنەی دەروونی. ، مێتۆدی ڕەخنەی ئاکاری. ، ...... ئەم مێتۆدە ڕەخنەییانەش کە بە (مێتۆدە ڕەخنەییە ناوخۆییەکان) ناسراون ئەم مێتۆدانە دەگرنەوە : فۆرمالیزم. ، شێوازگەری ، بونیادگەری ، هەڵوەشاندنەوەگەرای ، ڕەخنەی لێکدانەوە (هێرمۆنەتیك) ، ڕەخنەی سیمۆلۆجی ، مێتۆدی ڕەخنەی هونەری ، مێتۆدی ڕەخنەی جوانناسی ....هتد

لێرەدا دەکرێت بڵێین کۆمەڵێك مێتۆدی ڕەخنەیی هەن ، کە گرنگی بە لایەنی ناوەوەی دەقی ئەدەبی دەدەن و بە جیهانێکی داخراو و دوور لە هەر هۆکارێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و ...هتد دادەنێن، تەنها گرنگی بە بنیاتی هونەری و لایەنی جوانی و زمان و شێوازی هونەری دەقی ئەدەبی دەدەن . ئەم مێتۆدە ڕەخنەییانە دژی ئەو بۆچوونانە بوون ، کە پێیانوابوو ئەدەب ڕەنگدانەوەی ژیان و کۆمەڵگایە و کاریگەری ئەو ژینگە و سەردەمەی کە تێیدا سەری هەڵداوە ، لەسەرە . هەروەها کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکانی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە . لە لایەکی تر دژی ئەوەبوون ، کە ئەدەب وەکو بەڵگەنامەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، یان بە زۆر بخرێتە ژێر باری شیکردنەوە دەروونییەکانەوە و لەو ڕوانگەیەوە لێی بکۆڵرێتەوە .

لێرەدا مێتۆدە ڕەخنەییەکان (مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکییەکان ، مێتۆدە ڕەخنەییە ناوەکییەکان) جیاوازییان هەیە و هەر جۆرەی گرنگی بە لایەنێکی ئەدەب دەدات و لایەنەکەی تری فەرامۆش دەکات ، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین ، کە بەرهەمی ئەدەبی بەهەموو ڕەگەزە پێکهێنەرەکانییەوە پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە و واتای ڕاستەقینەی دەقی ئەدەبیش لەگشت بەش و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دایە ، ناکرێت هیچ بەش و ڕەگەزێك فەرامۆش بکرێت ، یان بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بکرێت و گرنگی زیاتری پێ بدرێت . چونکە دەقی ئەدەبی (ڕوخسار و ناوەڕۆك) ، لایەنی (دەرەوە و ناوەوە)دەگرێتەوە ، ناکرێت یەکێك لەم لایەنانە بەسەر ئەوانی تردا زاڵ بکرێت یان لە یەکتر جیا بکرێنەوە . لەبەر ئەوەی نە ڕوخسار بێ ناوەڕۆك ، نە ناوەڕۆکیش بەبێ ڕوخسار واتە نە هۆکارە دەرەکییەکان بەبێ هۆکارە ناوخۆییەکان ، نە هۆکارە ناوخۆییەکانیش بەبێ هۆکارە دەرەکییەکان بەهای ڕاستەقینەی خۆیان دەبێت . واتە دەبێت لە کاتی لێکۆڵینەوەدا ڕەچاوی لایەنی دەرەوە و ناوەوەی دەقی ئەدەبی بکرێت ، ئەم تێڕوانینەش لەناو مێتۆدی ڕەخنەی تەواوکاریدا ڕەنگ دەداتەوە.

کەواتە مێتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لە لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبیدا هەوڵی کۆکردنەوەی مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکی و ناوخۆییەکان دەدات ، بەچاوێکی گشتی و هەمە لایەنەوە سەیری دەقەکە دەکات و لەهەموو ئەو هۆکار و لایەنە دەرەکی و ناوخۆییانەی پەیوەندییان بە دەقەکەوە هەیە ، دەکۆڵێتەوە .

هیچ ڕەگەز و پێکهاتە و لایەنێك فەرامۆش ناكات.  هەوڵی سوود وەرگرتن لە مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکی و ناوخۆییەکان دەدات و هەموویان لەیەك مێتۆدی ڕەخنەییدا (بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی لە هەموو بەش و پێکهێنەرەکانییەوە) کۆدەکاتەوە. لەبەرئەوەی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لە تێڕوانینێکی هەمەلایەن و تەواوکارییەوە لە دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە ، لەم ڕوانگەیەوە گرنگی بە هەردوو لایەنی ڕوخسارو ناوەڕۆک دەدات لە دەقی ئەدەبیدا ، کەلە بابەت ڕوخسارەوە لە هەموو پێکهاتەو ڕەگەزەکانی پەیوەندییان بە ڕوخسارو بنیاتی هونەرییەوە هەیە دەکۆڵێتەوە لەوانە لە ڕووی زمانی شیعرییەوە ئەوا هەموو تایبەتمەندییەکانی زمانەکە دەستنیشان دەکات و واتاو دەلالەت و تەنانەت ئەوداهێنانەی لە زماندا کراوە ڕوون دەکاتەوە .... هەروەها هەرچی ڕەمزە کە شاعیر بەکاری هێناوە بە هەموو جۆرەکانییەوە لێیان دەکۆڵێتەوە، ئەو کێش و سەرواو ئاواز و مۆسیقایەی لە شیعردا پەیڕەوکراوە دەستنیشان دەکات و وێنەی شیعری و ڕەگەز و پێکهاتەکانی و جەختکردنەوە لەسەر لایەنەکانی ڕەوانبێژی و بەکارهێنانی هونەرەکانی و ... بەشێوەیەکی ورد شیان دەکاتەوەو جۆرەکانی دەستنیشان دەکات ، بە شێوەیەکی گشتی ئەم هونەرانەو ڕەگەزەکانی تری ڕوخسار و بنیاتی هونەری دەق دەستنیشان دەکات و هەوڵی شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە گشتییە دەدات ، کە ڕەگەز و پێکهاتەکانی ڕوخسار و شێوەی هونەری دەق یا شیعرییان بەیەکەوە بەستۆتەوە و لێیان دەکۆڵێتەوە ، کە هۆکاری گرنگن بۆ لێکۆڵینەوەو تێگەیشتن لە دەق . بە هەمان شێوە ناوەڕۆکیش لەگەڵ ڕوخسار لە شێوە هونەرییەکەی پەیوەندییەکی بەهێز بەیەکەوەی بەستونەتەوەو ژانری ئەدەبیان پێکهێناوە ، ئەویش بایەخ و گرنگی لە ڕوخسار کەمتر نییە ، ڕەخنەی تەواوکاری بە هەمان شێوەی ڕوخسار لەناوەڕۆک مەبەستی سەرەکی شاعیر و بابەتەکە ڕوون دەکاتەوە ئایا دڵدارییە نیشتمانییە یا کۆمەڵایەتییە یا .....هتد کە لەم ڕووەوە هەوڵدەدات سود لە ژیانی شاعیر و ئایدۆلۆژیا و هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و هەست و سۆزی شاعیر وەربگیرێت و ئەمانەو چەندین لایەنی تری پەیوەست بە ناوەڕۆکەوە بابەتی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرن بەگوێرەی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری.

**تەوەری سێیەم : میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و سێکوچکەی (ئەدیب – دەق – خوێنەر)**

لە ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبیدا سێ لایەنی گرنگ لە ئەدەبدا هەیە ئەویش سێکوچکەی (ئەدیب- دەق-خوێنەر)ە ئەم سێ لایەنە کردەی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبین و سروشتی تایبەتی خۆیانیان هەیەو هەریەکەشیان بەپێی سروشت و ئەو ئەرکەی هەیەتی بەشدارە لە پێکهێنانی جیهانی ئەدەبدا ، کەواتە دەتوانین بڵێین ئەرکی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بریتییەلە لێکۆڵینەوەی هەرسێکوچکەی ئەدەب ئەوانیش(ئەدیب- دەق-خوێنەر). مەبەستیشمان لە ئەدیب ئەو کەسەیە کە خاوەن و داهێنەری دەقە ، ئەدیب لە ڕێگەی دەقەوە هەوڵدەدات ئەو پەیام و مەبەستەی لە ناخی دایە بیگەیەنێت ، جا ئەو بەرهەمە لەوانەیە بەشێک بێت لە ئەزموونی تایبەتی خۆی یان بەشێک بێت لەو واقیع و کۆمەڵگایەی کە تێیدا دەژیت ، یا بەرهەمی خەیاڵی خۆی بێت و هەوڵبدات دنیای دەرەوەی ناخی خۆی لێ بە ئاگابێت ، لەمەشەوە هەوڵدەدات لە نێوان خۆی و خوێنەردا پردێکی پەیوەندی بە هۆی دەقەوە دروست بکات.

مەبەستیشمان لە دەق بەرهەمی ئەدیبە کە بەهۆیەوە تێڕوانینی تایبەتی خۆی بەرانبەر ژیان و واقیع و ڕووداوەکان دەردەبڕێت و دەقیش هۆیەکە بۆ گوێزانەوەو پیشاندانی ئەو تێڕوانینە تایبەتەی ئەدیب .

مەبەستیشمان لە خوێنەر(وەرگر)ئەو کەسەیە کەپێشوازی لە دەقی ئەدەبی دەکات و دەیخوێنێتەوە ، خوێنەر توانای ئەدیب دەدۆزێتەوەو ڕۆڵێکی گرنگ لەم ڕووەوە دەگێڕێت ، بۆ ئەمەش پشت بە ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەرو کەسێتی بارودۆخی گشتی ڕۆشنبیری سەردەمەکەی و پێشینەکەی دەبەستێت ، بۆیە خوێندنەوەی دەق لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و سەردەم و بارودۆخێکی تر دەگۆڕێت ، هەر خوێنەرەو چەند پێوەرێک بۆ خوێندنەوەی دەقەکان ئامادە دەکات و لەمەشەوە خوێندنەوەی جیاواز سەرهەڵدەدات.

مەسەلەی گرنگیدانیش بە (ئەدیب- دەق-خوێنەر) لە بواری ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بە پێی میتۆدە ڕەخنەییە جیاوازەکانەوە دەگۆڕێت، بۆ نموونە میتۆدەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و واتە میتۆدە دەرەکییەکان لە ڕووی گرنگیدان بە سێکوچکەی (ئەدیب- دەق-خوێنەر) گرنگی بە ژیانی نوسەرو ئەو هۆکارە دەرەکیانەی ، کەلە داهێنانی دەقی ئەدەبیدا ڕۆڵیان هەبووە دەدەن ئەوەندە گوێ بە مەسەلەی داهێنانی کەسی و لایەنی جوانی و هونەری دەقی ئەدەبی نادەن ، بە پێچەوانەی میتۆدە ڕەخنە نوێکانەوە کە مەرگی نوسەری دەقیان ڕاگەیاند ، واتە میتۆدە ڕەخنەییەکانی (مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی) بە ڕێژەیەکی زۆرتر لە میتۆدەکانی تر گرنگی بە ئەدیب دەدەن . هەرچی میتۆدە ڕەخنەییەکانی وەک (شێوازگەری و بونیادگەری و فۆرمالیزمی و هونەری و جوانیناسی و .....هتد)گرنگی زۆر بە دەقی ئەدەبی دەدەن و لە بنیاتی ناوەوەی دەق دەکۆڵنەوە ، دای دەبڕن لە هەر هۆکارێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ....هتد.

هەرچی میتۆدە ڕەخنەییەکانی وەکو (هەڵوەشاندنەوەگەرایی و هێرمۆنەتیک و تیۆری وەڵامدانەوەی خوێنەرو .... زیاتر گرنگی بە خوێنەر و مەسەلەی خوێندنەوەی دەق دەدەن ، بەلای ئەوانەوە دەق گەیشتە ژێر دەستی خوێنەر ، نوسەر هیچ مافێکی بەسەرەوە نامێنێت ، بۆیە مەرگی نوسەریان ڕاگەیاند.

هەرچی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکارییە کە میتۆدێکی هەمەلایەنە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو ڕەگەزانەی کە کردەی داهێنانی دەقی ئەدەبیان پێکهێناوە ئەویش سێکوچکەی (ئەدیب- دەق-خوێنەر)ە ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی وردو زانستانە لە هەر زانیارییەکی پەیوەست بەم سێ ڕەگەزەی کردەی داهێنانی دەق دەکۆڵێتەوەو شیاندەکاتەوە، ئەو زانیاریانەی لە کاتی لێکۆڵینەوە لە (ئەدیب) دەست دەکەوێت ، یارمەتی دەرە بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دەقدا ، چونکە زۆر دەق هەن بەبێ زانیاری لەسەر خاوەنەکانیان هیچ سەرەداوێک نادەنە دەستەوە، هەروەها زۆرجاریش لێکۆڵینەوەی دەق لە هەموو ڕوویەکەوەو ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی ، دیسانەوە هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ شارەزابوون لە زۆر لایەنی ژیان و کەسێتی ئەدیب . هەروەها لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی خوێنەرو خوێندنەوەی دەقدا سروشتی ئەو ئەدیب و دەقەی کە خوێنەران پێشوازی لێ دەکەن دیار دەکات . ئەمەش پەیوەندی بە چۆنییەتی تێڕوانینی خوێنەر بۆ کەسێتی ئەدیب و ئەو دەقەی کە وەری دەگرێت هەیە ، هەروەها لێکۆڵینەوە لەمەسەلەی خوێنەر سروشت و جۆری خوێنەرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە. کەواتە میتۆدی ڕەخنەی

تەواوکاریە ، کە میتۆدێکی هەمەلایەنە گرنگی بە هەرسێ ڕەگەزە سەرکییەکە (ئەدیب- دەق-خوێنەر)دەدات.

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم : مێتۆدە ڕەخنەییەکان لەم کتێبەدا**

**١- مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆد لەم کتێبەدا:**

هەرچەندە بۆچوونی جیاواز لە بارەی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) یەوە هەیە، هەندێك پێیان وایە ئەم کتێبە لە دوای کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی- ڕەفیق حیلمی) تاڕادەیەک دەبێتە سەرەتاکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و نوسەرەکەی هەوڵی داوە تا ڕادەیەك شێوازی لێکۆڵینەوەکەی شێوازێکی زانستیانە پەیرەو بکا لە دیاریکردنی ناوەرۆکی شیعری شاعیران ، هەندێکیش وای بۆ دەچن کە ( عەلائەدین سەجادی) لەسەر هیچ بنەمایەکی زانستی نەڕۆیشتووەو پەیرەوی هیچ مێتۆدێکی ڕەخنەیی نەکردووە ، کەچی زۆربەی بڕیارەکانی ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژیاو ئینتیباع و چێژی تایبەتی خۆیەتی. ئێمەش پێمان وایە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) دا تا ڕادەیەك مێتۆد پەیڕەو کراوە . ئەویش بەووردبوونەوە لەم کتێبەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە ئەو لە لێکۆڵینەوەی ژیان و دەق شیعری شاعیرەکاندا تا ڕادەیەك سودی لە هەندێك لە بنەما و یاساکانی مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکیە جیاوازەکانەوە وەرگرتوە، ئەگەر چی هەندێك جار لە بەکارهێنان و سوود وەرگرتنی ئەو بنەماو یاسایانەدا بە سادەیی و خێرا بەسەریاندا تێپەر بووە و بە کاری هێناون ، هەروەها لە لێکۆڵینەوەی هەندێك شاعیر زیاتر وەردبوونەوە و مەسەلەی سود وەرگرتن و بەکارهێنانی هەندێك لەو بنەماو یاسانەی بە زەقی هەستی پی دەکرێت ، بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین لەم کتێبەکەیدا (عەلائەدین سەجادی) بە شێوەیەکی نا ئاگایانە سودی لە هەندێك لە بنەماو زانیاریەکانی مێتۆدە ڕەخەییە جیاوازەکانی وەکو ( مێژوویی و کۆمەلایەتی و دەروونی و ...) وەرگرتوە. ڕاستە ئاماژەی بە هیچ مێتۆدێك یا بنەماو یاساو زانیاریەکی ئەم مێتۆدانە نەداوە ، بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیە بزانین کە ئەو سودی لەو مێتۆدانە وەرگرتوە و لە لێکۆڵینەوەی ژیان و دەق شیعری شاعیرەکاندا پراکتیزەی کردووە، ئەوەش کە جێگایەکی گرنگی و زیرەکی (عەلائەدین سەجادی) یا ئەوەیە کە هەوڵی داوە لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی شاعیرەکان و هەندێك لەو ڕەگەزو پێکهاتە جیاوازانەی دەقەکانی بکۆڵێتەوە و لە لایەنی ناوەرۆك و ڕوخساریش هەوڵیداوە هەست و سۆزی دەقەکان فەرامۆش نەکات ، هەروەها هەندێك لە دەقەکانی لە ڕوانگەی هۆکارە دەرەکیەیەکان و ژیانی شاعیرەکانەوە شی کردۆتەوە.

مەسەلەی سود وەرگرتن لە هەندێك لە بنەما و یاساکانی مێتۆدە ڕەخنەییەکانیش لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر و لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر دەگۆڕێت ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەم کتێبەدا مێتۆدە ڕەخنەییەکانی ( مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ..... ) زاڵن . (عەلائەدین سەجادی) یش لەسەر سیتەمێکی ڕێك و دیاریکراو باسی لایەنە جیاوازەکانی نەکردووە ، زانیاریەکانیشی لە ژێر هیچ بابەتێکدا پۆلین نەکردووە. بەڵکو لە باسی هەر شاعیرێکدا پێویستی بە هەر زانیاریەك بووبێت ، یەکسەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بووبێت یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێ داوە و باسی کردووە.

**٢- مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکی و ناوخۆییەکان لەم کتێبەدا:**

لێرەدا دەتوانین یەک جۆری میتۆدی لێکۆڵینەوە لەم کتێبەدا دیاری بکەین ، کە ئەویش ( میتۆدی ڕەخنەیی دەرەکی ) لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا. ئەم جۆرەیان میتۆدە ڕەخنەییەکانی ( مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ) دەگرێتەوە و لە سیاقی دەرەوەی دەق دەکۆڵێتەوە ، بە شێکی ئەم کتێبە پەیرەوی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیەی کردووە ، بە تایبەتیش کاتێك باسی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی شاعیرەکان و ئەم سەردەم و ژینگە و کۆمەڵگایەی کە تێدا ژیاون و بارودۆخی ژیان و لایەنی کۆمەلایەتی و دەروونی و بنەماڵەو هەڵسوکەوت و کەسێتی و بەهرەو سەرچاوەی شیعریان و... هتد دەکات، هەروەها لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەقە شیعریەکانیان و ڕونکردنەوەی مەبەست و ناوەرۆکی دەقەکان و پەیوەستکردنیان بە ژیان و هۆکارە دەرەکییە ( مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و سیاسی و ژینگەیی و سەردەم و... هتد) هەروەها کاتێك سەردەم و بارودۆخ و هۆی نووسینی دەقەکانی باس کردووەو بە شێکی دەقەکانی بە ڕووداو بەسەرهاتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بەستۆتەوە . هەموو ئەمانە دەچنە خانەی مێتۆدە ڕەخنەییە دەرەکییەکانەوە ، هەرچی میتۆدە ناوخۆییەکانە ئەوانەی کەلە سیاق ناوەوەی دەقەکان دەکۆڵێتەوە و مێتۆدە ڕەخنەییەکانی ( هونەری و جوانناسی )( کە لە ڕەگەزو پێکهاتە جیاوازەکانی شێوەی هونەری دەقەکان( زمان، کێش، سەروا، مۆسیقا، هونەرەکانی ڕەوانبێژی، .... هتد) و لایەنی جوانی دەکۆڵێتەوە ، لەم بەشەی کتێبەکەدا بە کەمی هەستی پێدەکرێت.

بەم شێوەیە لەم کتێبەدا لە لێکۆڵینەوەی ژیان و دەق شیعری شاعیرەکاندا هەر زیاتر مێتۆدە دەرەکییەکان لە لێکۆڵینەوەکەدا پەیرەوکراوە ، ڕەخنەگر توانیویەتی لە تێڕوانینێکی زیاتر یەک لایەنەوە بڕوانێتە لایەنە جیاوازەکانی ژیان و دەق شیعری ئەو شاعیرانەی باسکردوون. خۆی بە بوارێکەوە خەریك کردووە.هەموو ئەمانەش لە بایەخدانی بە ناوەرۆکی دەق شیعری دەردەکەوێت.

(عەلائەدین سەجادی) لە بابەت گرنگیدان و لێکۆڵینەوە لە ڕوخسار و ناوەرۆکی دەق ئەدەبییەوە، بۆمان دەردەکەوێت ، زیاتر گرنگی بە لایەنی ناوەرۆك داوەو کەمتر لای لە روخساری کردووە ، واتە بە کەمی بەلای روخساردا ڕۆیشتووە . ئەوەندەی کە بەلای روخساریشدا ڕۆیشتووە لە باسکردنی زمانی شیعری و چەند لایەنێکی تری هونەری چەند شاعیرێکدا دەردەکەوێت . ئەمەش لە کاتی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی هەریەک لەو شاعیرانەی باسی کردوون دەردەکەوێت. (سەجادی،١٣٩٥، ١٧٩- ٥٥٦)

**تەوەری دووەم: لێکۆڵینەوەی دەقە شیعرییەکان لە ڕووی ڕوخسارو ناوەرۆکەوە:**

( عەلائەددین سەجادی) گرنگییەکی زۆری بە ناوەرۆك و لێکدانەوەی دەقە شیعریەکان داوە،لە لێکۆڵینەوەی بابەت و ناوەرۆکی هەندێك دەق شعریدا بە وردی چوتە قوڵایی ناوەرۆکی دەقەکانەوە. بە واتایەکی تر ڕەخنەگر ناوەرۆکی وەکو پێوەرێکی ڕەخنەیی لە لێکۆڵینەوەی شاعیران و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دەقە شیعریەکانیاندا بەکارهێناوە. ئەگەر لە بۆچوونەکانی (عەلائەددین سەجادی )یەوە لە بابەت ناوەرۆکی دەقە شیعریەکانیاندا وەردبینەوە ، دەبینین ئەو زیاتر لە ڕوانگەی بۆچوون و ڕوانگەو لێکدانەوەی خۆیەوە لە ناوەرۆکی شیعرەکان دواوە ، ئەوەی زیاتر جێگای سەرنج و گرنگیدانە ئەوەیە ، کە ( عەلائەددین سەجادی)لە هەموو ناوەرۆك و

بابەتێکی شیعریی زیاتر گرنگی بە ناوەرۆکی ( دڵداری و ئایینی و تەسەوف و فەلسەفی و لای هەندێک لە شاعیرەکان نیشتمانپەروەری ) داوەو لەم ڕوانگانەوە لە زۆر دەقی کۆڵیوەتەوە و هەڵی سەنگاندوون.

( عەلائەددین سەجادی) لە زۆر شوێنی لێکدانەوەی شیعری شاعیراندا باس لە سەرەتای نووسینی شیعری شاعیران دەکات و دەڵێت:(لە پێشا ئەکەونە مەیدانی غەرامیاتەوە) (سەجادی ، ١٣٩٥، ٥١٤)دواتر لایەنەکانی تری ناوەرۆکی شیعری دیاری کردووەو لەوانە بابەتی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و تەسەوف و نیشتمانپەروەری... .

(عەلائەددین سەجادی) بە شێوەیەکی گشتی لە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی دەقەکان و دیاریکردنی بابەتە شیعرییەکان بۆچوونی ڕەخنەیی و بڕیاری لەسەر شاعیرەکان نەداوە ، لەڕووی کۆنی و نوێی و سەردەمی بابەتە شیعرییەکان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی شیعرەکان و سەرچاوەی شیعری شاعیران و چۆنیەتی و سەردەمی نووسینی شیعرەکان و .... بە شێوازێکی زانستیانە کردووەو بەڕوونی میتۆدە ڕەخنەییەدەرەکییەکانی تێدا دەردەکەوێت.

(عەلائەددین سەجادی) زیاتر گرنگی بەو بابەتە شیعریانە داوە کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە دیوانی شیعری شاعیران ڕەنگیداوەتەوە ، ئەویش زیاتر خۆی لە (فەلسەفە، دڵداربو خۆشەویستی ، تەسەوف، کۆمەلایەتی.. هتد) ، هەوڵی داوە نموونەی شیعری بۆ هەریەکەیان بێنیتەوە ، لە زۆر شوێنیشدا مەبەست و ناوەرۆکی دەقە شیعرییەکانی بە وردی شیکردۆتەوە هەندێك جاریش بۆ هەر بابەتێك دەقێك یان چەند دێرە شیعرێکی تۆمار کردووە بە ووردی لێیان دواوە .

بە شێوەیەکی گشتی (عەلائەددین سەجادی) گرنگی بە لایەنی ناوەرۆکی دەقە شعرییەکان داوە، هەوڵی داوە مەبەست و ناوەرۆکی زۆربەی ئەو دەقانەی هەڵی بژاردوون، شی بکاتەوە و بە ووردی بیان خاتە پێش چاوی خوێنەرەوە، هەرچەندە پێوەری جیاوازی لەم شیکردنەوانەدا بە کارهێنانوە، بەلام تەنیا مەبەستی ئەوە بووە پەیامی شاعیر ڕوون بکاتەوە.

(عەلائەدین سەجادی) لە بابەت گرنگیدان و لێکۆڵینەوە لە ڕوخسار وەک بۆمان دەرکەوتووە ، زیاتر گرنگی بە لایەنی ناوەرۆك داوەو کەمتر لای لە روخساری کردووە ، واتە کەمتر بەلای روخساردا ڕۆیشتووە . ئەوەندەی کە بەلای روخساریشدا ڕۆیشتووە لە باسکردنی زمانی شیعری و چەند لایەنێکی تری هونەری چەند شاعیرێکدا دەردەکەوێت . ئەمەش لە کاتی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی شیعرەکانی هەریەک لەو شاعیرانەی باسی کردوون دەردەکەوێت. بۆ نموونە لە باسکردنی زمانی شیعری شاعیران:

(عەلائەدین سەجادی) لە بارەی زمانی شیعرییەوە چەند شوێنی لێکۆڵینەوەکەیدا لە شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی دەقە شیعرییەکانی هەندێك لە شاعیرەکاندا ئاماژەی بە هەندێك لایەنی زمانی شیعری ئەوان و شارەزایی و لێهاتوویان لەم بوارەدا کردووە. بۆ نموونە لەبارەی غەزەلەکانی (جزیری)یەوەباسی لێهاتوویی و شارەزایی شاعیر لە چۆنێتی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشە دەکات و دەڵێت:((بەڵێ ڕاستە ئەم شیعرانە تەونێکە تانو پۆکەی وشەی عەرەبی و کوردییە، بەڵام ئێمە نابێ ئەوە لە دڵ دەرکەین کە وەنەبێ لە دەوری مەلادا تەنیا مەلا عەرەبی بەکاهێنابێ ، بەرزی مەلا لەوەدایە کە دەوری عەرەبییەت گەیشتبووە چڵەپۆپە کەچی مەلا لەو ڕێچکەیە لایداو عەرەبی بە کوردی ڕازاندەوە ، ئەمەو دیسان ئێمە لەو دەورەدا سەیری مەعنا ئەکەین ، نەوەک وشە ، ئەگەر یەکێ بەراوردی عەنعەنات و وشەو مەعنای ئەو دەورە بکا ، کە بەهەر زمانێک وترابێ زۆر زوو ئەکەوێتە سەر ئەو باوەڕە کە مەلا مەشخەڵانێکی هەڵگیرساندووە بۆ ئەوە عولەمای ئەدەبی عەرەبی زەنگیانەی لەبەر بهۆننەوە ، وە بۆ ئەوە ئودەبای کوردی شوێن ڕێچکەی مەلایان بۆ ببێ بە شارێگەو لە عالەمی بێگانەدا مەلایان بۆ ببێت بەو سیمورغەی کە ئاوی ژیانی ئەدەبییان لە پشت کێوی قافەوە بۆ دێنێت))(سەجادی،١٣٩٥، ٢٠٣) لێرەدا سەجادی لە بارەی زمانی شیعرییەوە پێی وایە جزیری سەنعەتێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە و لە ڕووی ڕەوانێژییەوە نموونەیەکی بەرزی شیعری کوردییە ، (عەلائەدین سەجادی) هەر بەوەندە ناوەسێت ، بەڵکو دەڵێت هەر ئەم جوانی و سەنعەتەیە وای لە شیعرەکانی ( جزیری) کردووە لە شیعری زۆر شاعیری تر بەهێزتر و نایابتربێت و لە ڕووی سەنعەت و بە پێزی زمانەوە لە گەل شیعری عەرەبی بەراوردی بکات و بیکاتە سەرچاویەک بۆ شاعیرانی تری کورد و عەرەب بۆ ئەوەی شیعری لەبەر بهۆننەوە.

لە بارەی زمانی شیعری و گرنگیدان بە زمانی کوردی پەتی و بەکارهێنانی شێوازی سادە و ساکار و ڕەوان و وشە و زاراوەی پەتی و ڕەسەن و خۆماڵیدا ، لە بارەی شیعرەکانی (ئەحمەد موختار جاف)دەڵێت:((بە ڕاستی ئەم شیعرانەی ئەحمەد موختار نموونەیەکی زۆر بەرزی میللەتە کە بۆ پاشەڕۆژی بە جێهێشتووە ، لەم فیکرەوە ئەکەوێتە سەرئەوەی کە زمانی کوردی زمانێکی ئەدەبییەو بە هەموو جۆر ماوەی ئەوەی هەیە کە خزمەت بکرێ و لە وشەی بێگانە دوور بخرێتەوە ، دێنێ ئەم ڕێچکەیە ئەشکێنێ و بەو نیازە دەست ئەکا بە وتنی شیعری کوردی پەتی ، کە ئەمە بۆ ئەو سەردەمە نیشانەی پاک و هەستێکی بەرز لەودا دەرئەخا و قەومییەتێکی خاوێن بە ئاشکرا ئەنوێنێ . ڕێچکە ئەشکێنێ و ئەڵێ:

گرپەو گرەی تەنوورە ، بڵێسەی هەناوەکەم

سیروان و تانجەڕۆیە ، خورەی ئاوی چاوەکەم .......))(سەجادی،١٣٩٥، ٥٣٣-٥٣٤)

کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (عەلائەددین سەجادی) لە دیاری کردن و شیکردنەوەی لایەنی هونەری جوانی دەقی شیعری لای کردۆتەوە ، واتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کەوا (عەلائەددین سەجادی) لەم لایەنەی دەق شارەزا نەبێت یا ئاگای لێنەبێت و فەرامۆشی کردبێت ، بەڵکو خۆی لە چەندین شوێن لەکاتی شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەقەکانا ئاماژە بەوەدەکات و دەڵێت:((ئێمە لەم شیعرانەدا نامانەوێ لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا لە بابەت وشە یا وەزنەوە گرانی و سوکی ، یا کەموکوڕیەکی هەیە ، چونکە لە وەزندا هەموو لایەکی گرتۆتەوە ))(سەجادی،١٣٩٥، ٥٥٥) تەنانەت لای هەندێ لە شاعیرەکان ئاماژەبە لایەنی هونەری دەق دەدات ، لەوانە قالبی شیعری و وێنەی هونەری و ڕەوانبێژی و وەزن و قافیەو زمانی شیعری و سوکی و گرانی دیاری دەکات بۆ نموونە هونەرکانی ڕەوانبێژی لای (نالی) دیاری دەکات و دەڵێت ((نالی لەباری تشبیە و جناس و لف و نشر دا کەم کەس توانیویەتی دەستی ئەوی بێ )) (سەجادی،١٣٩٥ ، ٢٥٢) لە دیاریکردنی قالبی شیعری ئاماژە بە چوارینەکانی (باباتاهیر) و پێنج خشتەکی و تەرجیع بەند و غەزەلەکانی زۆربەی شاعیران و نامەی شیعری و داستانی شیعری دیاری دەکات و .... ، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (عەلائەددین سەجادی) لە لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان و باسکردنی ژیان و.... شاعیران زیاتر گرنگی

بەلایەنی ناوەرۆک و هۆکارە دەرەکییەکان داوە ، وەک لەوەی گرنگی بەلایەنی میتۆدە ناوخۆییەکان و ئەوانەی کەلە سیاق ناوەوەی دەقەکان دەکۆڵێتەوە.

**تەوەری سێیەم: سێکوچکەی ( شاعیر. دەق خوێنەرو خوێندنەوەی دەق) لەم کتێبەدا:**

ئەگەر بە وردی سەرنج لە کتێبی ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) بدەین، بۆمان دەردەکەوێت کە (عەلائەددین سەجادی) تارادەیەك گرنگی بە هەر سێ پایەکە داوە ، هەرچەندە لەوانەیە رێژەو چۆنیتی گرنگیدانەکە لە یەکێکیانەوە بۆ ئەوی تریان بگۆرێت، لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا (عەلائەددین سەجادی) تارادەیەک بە ئاگایی بوویێت یان بە نائاگایی ، ئاگادارێکی لەو مەسەلە رەخنەییانەوە هەبووە. بە پێی توانا و زانیاری و رۆشنبیری خۆی لە بابەتەکانی کۆڵیوەتەوە ، ئێمە هەوڵ دەدەین بە جیا باسی هەر یەکەیان بکەین:

**یەکەم: شاعیر**

(عەلائەددین سەجادی) لە دانانی ( مێژووی ئەدەبی کوردی ) دا هەمان رێچکەیی نووسەرانی پێش خۆی پەیرەو کردووە ، ژیان و هەڵبژاردەیەك لە دەقی شیعری کۆمەڵێك شاعیری کوردی ( کۆن و نوێ)ی باس کردووە، هەوڵیداوە تا رادەیەك وردترو قوڵتر باسی ژیان دەقە شیعرییەکانی ئەو شاعیرانە بکات.

بە شێوەیەکی گشتی (عەلائەددین سەجادی) لە لێکۆڵینەوەی شاعیرەکاندا باسی چەند لایەنێکی پەیوەست بە ژیانی ئەو شاعیرانە کردووە ، لە هەندێکیاندا بە ووردی چۆتە ناو باسەکەوە و بابەتیانە لێی داوە ، مەرجیش نییە لە لێکۆڵینەوەی هەموو شاعیرەکاندا باسی هەموو ئەو لایەنانەی کردبێت ، بەلام بە گشتی لە زۆربەیاندا زانیاری وردو باشی بە دەستەوە داوە. دەکرێت بلێین (عەلائەددین سەجادی) لە کتێبەکەیدا لە روانگەی ئەم خالانەی خوارەوەدا ، باسی ژیانی زۆربەیانی کردووە:

-ناوی شاعیر. - ساڵی لە دایك بوون. - شوێنی لە دایکبوون و نیشتەجێبوونی. - خوێندنی. - ئەو زمانانەی دەیزانێت. - کەسێتی شاعیر- ئەو سەردەمەی کە تێدا ژیاوە . - باری ژیانی . - هەڵسوکەوتی . - بەرهەمەکانی . - کاریگەری ئەو ژینگەیەی کە تێدا ژیاوە. - ئەو ئەدیب و شاعیرانەی پێیانەوە کاریگەر بووە. - بنەماڵەی شاعیر. - ئایدۆلۆژیای شاعیر. - سەرچاوەی شیعری . - نازناوی شاعیر. - ئیلتزامبوونی شاعیر بە کێشەو رووداوەکانی ئەم سەردەم و کۆمەڵگایەی کە تێیدا ژیاوە . - ساڵی مردنی شاعیر.

ئەمانەو چەندین بابەت و لایەنی تری پەیوەست بە ژیانی شاعیرەکانەوە ، لە کتێبی ( مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەددین سەجادی) دا باس کراون. رەخنەگر لە باسکردن و لێکۆڵینەوەی ژیانی ئەو شاعیرانەدا چەند مەبەستێکی هەبووە، لەوانەش: - بۆ ئەوەی خوێنەرانی کورد ژیان و بەسەرهاتی ئەو شاعیرانە بزانن و شارەزاییان دەربارەی هەندێك لایەنی ژیانی ئەو شاعیرانەوە هەبێت. - بۆ ئەوەی بەم کارەی بتوانێت خزمەتێك بە ئەدەب و مێژووی ئەدەب و رەخنە رۆشنبیری کوردی بکات و کتێبخانەی کوردی پی دەوڵەمەند بکات، کە ئەمەش دەچێتە خانەی خۆشەویستی (عەلائەددین سەجادی) بۆ نەتەوەی کورد و مێژوو ئەدەب و رۆشنبیری ئەو نەتەوەیە. - بۆ ئەوەی بتوانێت لە رێگەی تیشك خستنە سەر هەندێك لایەنی شاراوەی ژیانی ئەم شاعیرانەوە و لە روانگەی ئەو زانیارییانەی کە دەستی دەکەوێت، دەقە شیعرییەکانیان شی بکاتەوە و مەبەست و ناوەرۆکی دەقەکان بخاتەبەرچاو. - بۆ ئەوەی لاوان و نەوەکانی داهاتوو بە بیری نیشتمان پەروەردە بکات و بەرو پێشکەوتن وخزمەتکردنی خاك و نەتەوە و رۆشنبیری و کەلەپوری کورد هانیان بدات. - تا لە رێگەی ئەم کارەوە ژیان و بەرهەمی شاعیرانی کورد لە فەوتان و لەناچوون بپارێزێت.

**دووەم:دەق(دەقە شیعرییەکان)**

(عەلائەددین سەجادی) لە لێکۆڵینەوەی هەر شاعیرێکدا کۆمەڵێك دەقی شیعری ئەو شاعیرانەی هەڵبژاردووە، لە لێکۆڵینەوەی هەندێکیاندا بە وردی چۆتە ناو وردەکارییەکانی دەقەکەو هەوڵی داوە دەقەکە بە ووردی شیبکاتەوە ، کە زیاتر باسی هۆکارە دەرەکییەکانی دەقەکەی کردووە لە باسی هەندێك دەقی تریشدا بە خێرایی ئاماژەی بە هەندێك لە تایبەتمەندیەکانی دەقەکە کردووە و بە وردی لێی نەدواوە . هەندێك جاریش دەقیکی بە نموونە بۆ مەبەست و ناوەرۆکێك هێناوەتەوە بە بێ ئەوەی باسی هیچ وردەکارییەکی دەقەکە بکات(عەلائەددین سەجادی) زۆربەی دەقە شیعرییەکانی شی کردۆتەوە بۆنمونە باسی ئەو لایەنە جیاوازانەی دەقەکانی کردووە : لەوانە هۆکاری بۆنەی نووسینی دەق :

(عەلائەددین سەجادی) لە کتێبەکەیدا هۆو بۆنەی نووسینی هەندێك لە دەقە شیعرییەکانی باس کردووە ، بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی لە مەبەست و ناوەرۆکی دەقەکان بگات بۆ نموونە لە باسی شیعرێکی ( ئەحمەد موختار)دا دەڵێت:( ئەحمەد موختار تەماشائەکا قەومی کورد ئەکا لە پایەی یەکەما لانەواز و سەر لێشێواوی دەستی نەزانی و نەخوێندەوارین کە ئەمە ریشەی هەموو دەردو بەڵایەکە روویان تێ ئەکاو دەڵێ: لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە ......) (سەجادی ، ١٣٩٥، ٥٣١).

لە باسی شیعرێکی ( حەمدی) دا هۆی وتنی دەقەکە روون دەکاتەوە و مەبەست و ناوەرۆکەکەشی شی دەکاتەوەو دەڵێت: ((هەرا بە ناوبانگەکەی (ناوباریک) ئەگێرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٣١ دا شێخ مەحمود پەنجا کەسی لەگەڵ ئەبێ ، فەوجێ سەرباز و حەوسەد پۆلیس ئابلۆقەی ئەدەن ، ئەمیش بەم چەند سوارەوە ئەو لەشکرە زۆرە تارومار ئەکا ، جا ئەمە داستانێکی زۆر گەورەی قەومییە و پایەی حەمدی لە مەیدانی چیرۆکی مێژوویشدا دەرئەخا، سەرەتای بە :

ئەی وەتەن لوتفەن تەواوی کەوقوعاتی میلەل

ئەم مەراقە با نەکا بۆ ئاخری نەشری عیلەل

دەست پێ ئەکاو بە :

رەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ)) (سەجادی،١٣٩٥، ٤٦٨)

بەم شێوەیە (عەلائەددین سەجادی) هۆی نووسینی هەندێك لە دەقەکانی باس کردووە بۆ ئەوەی خوێنەر بە هۆیەوە بزانێت ناوەرۆکی دەقەکە دەوری چ بابەتێکدا دەخولێتەوە و هەندێ لایەنی شاراوەی دەقەکە و ئەو کات و شوێنەی ، کە تێیدا نوسراون روونبێتەوە.

**•شیکردنەوەی ناوەرۆك و بابەتی دەق:**

(عەلائەددین سەجادی) یەکێك لەو لایەنانەی کە گرنگیەکی زۆری پێ داوە . مەسەلەی دیاریکردنی ناوەرۆك و بابەتی ئەو دەقە شیعریانەی کە باسی کردوون. ئەو لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ئەو دەقانەی وری گرتوون لە زۆربەیانی کۆڵیوەتەوە.

**•( هەست وسۆز) ی دەق:**

(عەلائەددین سەجادی) ئەو لایەنەی فەرامۆش نەکردووە ویستویەتی هەست و سۆزی زۆربەی ئەو دەقانەی کە باسی کردوون، ڕوون بکاتەوە و شیان بکاتەوە. هەرچەندە لەوانەیە ڕاستەوخۆ ئاماژەی بەم جۆری ئەو هەست سۆزەی لە ناو دەقەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە نەکردبێت ، بەڵام لە ڕێگەی شیکردنەوەی بابەت و ناوەرۆکی دەقەکانەوە بە لای هەست و سۆزە شاعیرەکەشدا چووە.بۆ نموونە لە زۆربەی دەقەکاندا ئاماژەی بە هەست و سۆزەکانی ( خۆشەویستی دلبەر و نیشتمان و ، خەمباری و دڵتەنگی ، خۆشی، هەست بەکەم زانین و شورەی ، هەستکردن بە بێ ئومێدی، رق وکینە، هتد..... . دەکرێت لە شیکردنەوەو باسکردنی ناوەرۆك و مەبەستی هەر دەقێکدا هەست و سۆزی دەقەکەشت لە لا ڕوون و ئاشکرا بێت، بە جۆرێك (عەلائەددین سەجادی) بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئاماژەی بە هەست و سۆزی شاعیرەکە و بارودۆخی دەروونی و ویژدانی داوە. بۆ نمونە لە شیکردنەوەی ناوەرۆکی شیعرێکی (مەحوی)دا باسی ئەو هەست و سۆزەی شاعیر دەکات ، کەلە ناو دەقەکەیدا هەیە و دەڵێت: ((مەحوی باسێکی خۆی و نەفس و دونیا ئەگێڕێتەوە ، حاڵەتێکی تەسەوف و دەروێشی بە بیرێکی وردی فەلسەفی دەرئەبڕێ ، ئێجگار لەبەر ئەوە خۆی بەسوچدارێکی تەواو ئەبینێ ، دەردە دڵێکی بەسۆز ئەکاو ئەڵێ: داخی گرانم من کەڵکی ژیانم نییە ، ئەو ژیانە کە ئەڵێن باخچەی ئاخیرەتو تۆوی تیا ئەچێنرێ بۆ ئەوبەری پڕ خێرو بێری ڕۆژی دوایی بدا بەدەستەوە.....)) (سەجادی،١٣٩٥ ، ٣٥٦-٣٥٧)، لێرەدا (عەلائەددین سەجادی) باسی دوو جۆرە هەست و سۆزی کردووە، یەکێکیان هەست و سۆزی ( خەمباری و دڵتەنگی)ە ئەوی تریشیان هەست و سۆزی ( خۆشەویستی)ە. هەروەها لە شیکردنەوەی شیعرێکی نیشتمانی ( سالم)دا باسی هەست و سۆزی خۆشەویستی( سالم) بۆ نیشتمان و ڕق و کینەی بەرانبەر کارەساتەکەی (عەزیز بەگی بابان) لەگەڵ ڕۆمەکانا بە ٨٥ دێرە شیعر دەیخاتە شریتێکی سینەماوە. (سەجادی،١٣٩٥، ٢٧١).

**•لێکۆڵینەوەی شێوازو شێوەی دەق هونەریی دەق:**

(عەلائەددین سەجادی) لایەنی هونەری جوانی دەقەکانی شی نەکردۆتەوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەوا (عەلائەددین سەجادی) لەم لایەنەی دەق شارەزانەبێت یا فەرامۆشی کردبێت ، بەڵکو خۆی لە چەندین شوێن لەکاتی شیکردنەوەو لێکدانەوەی دەقەکانا ئاماژە بەوەدەدات دەڵێت:((ئێمە لەم شیعرانەدا نامانەوێ لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا لە بابەت وشە یا وەزنەوە گرانی و سوکی ، یا کەموکوڕیەکی هەیە ، چونکە لە وەزندا هەموو لایەکی گرتۆتەوە )) (سەجادی،١٣٩٥، ٥٥٥) تەنانەت لای هەندێ لە شاعیرەکان ئاماژەبە لایەنی هونەری دەق دەدات ، لەوانە قالبی شیعری و وێنەی هونەری و ڕەوانبێژی و وەزن و قافیەو زمانی شیعری و سوکی و گرانی دیاری دەکات بۆ نموونە هونەرکانی ڕەوانبێژی لای (نالی) دیاری دەکات و دەڵێت ((نالی لەباری تشبیە و جناس و لف و نشر دا کەم کەس توانیویەتی دەستی ئەوی بێ )) (سەجادی،١٣٩٥ ، ٢٥٢) لە دیاریکردنی قالبی شیعری ئاماژە بە

چوارینەکانی (باباتاهیر)و جۆرەکانی و پێنج خشتەکی و تەرجیع بەند و غەزەلەکانی زۆربەی شاعیران و نامەی شیعری و داستانی شیعری دیاری دەکات و .... ، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت (عەلائەددین سەجادی) لە لێکدانەوەی دەقە شیعرییەکان و باسکردنی ژیان و.... شاعیران زیاتر گرنگی بەلایەنی ناوەرۆك و هۆکارە دەرەکییەکان داوە .

**سێیەم: خوێنەر و خوێندنەوەی دەق:**

لە بابەت مەسەلەی خوێنەرو خوێندنەوەی دەقەوە، هەوڵمان داوە خوودی (عەلائەددین سەجادی) وەك ڕەخنەگر و خوێنەری دەقەکان وەربگرین، لەمبارەیەوە باسی خوێنەر و چۆنیتی خوێندنەوەی دەق دەکەین،

(عەلائەددین سەجادی) وەکو خوێنەرێکی دەقە شیعرییەکان هەوڵی داوە لە مەبەستی سەرەکی دەقە شیعرییەکان نزیك بێتەوە و شیانبکاتەوە، کە ئەمەش مەبەستی سەرەکی دەقەکە دەگرێتەوە. زۆرجاریش خۆی چۆن لە واتاو دەلالەتی دەقە شیعرییەکان گەیشتووە، بەو شێوەیە باسی کردوون، بەڵام دیسانەوە لێکدانەوە تایبەتیەکانی خۆشی لە مەبەستە سەرەکیەکەی شاعیرەکە نزیك بۆتەوە . لە لایەکی ترەوە لە لێکدانەوە شیکردنەوەی ناوەرۆك و واتای زۆرێك لە دەقە شیعرییەکاندا ، سودی لەو زانیاریانە وەرگرتووە کەلە ژیانی شاعیرەکان و هۆکارە دەرەکییەکانی ترەوە دەستی کەوتووە، بە واتایەکی تر واتا و دەلالەتی زۆرێك لە دەقەکانی لە ڕێگەی ئەم زانیاریانەوە لێك داوەتەوە. ئەو هەندێك پێوەری تایبەتی لە خوێندنەوەی دەقەکاندا بەکارهێناوە لەمانەش:

_ هەندێك لە ڕوانگەی چێژو تێڕوانینی تایبەتی خۆیەوە هەندێك لە دەقەکانی لێکداوەتەوە، بەڵام لە مەبەست و واتای سەرەکی شاعیرەکەش دوورنەکەوتۆتەوە.

. هەندێك جاریش بیروباوەری خۆی وەك پێوەرێك بۆ لێکدانەوە و خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکان بەکارهێناوە.

. لێکدانەوەی مەبەستی زۆربەی دەقە شیعرییەکانیشی بە ژیانی شاعیر و سەردەم و ژینگە و لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و هەست و سۆزو هتد. پەیوەست کردووە. لە هەمانکاتیشدا لای لە لایەنی هونەریش کردۆتەوە لە ڕووی ڕوخسارەوە بەڵام بە شێوەیەکی زۆر کەم ، بەڵکو زیاتر لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و واتە زیاتر بە ناوەرۆکەوە خۆی پەیوەست کردووە.

لێرەدا مەبەستمان ئەوەیە ، کە چۆنیتی لێکدانەوەو خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکان لای (عەلائەددین سەجادی) وەکو خوێنەرێکی ئەو دەقانە ڕوون بکەینەوە، بە جۆرێك ئەو لە خوێندنەوە و لێکدانەوەی واتای زۆربەی دەقە شیعرییەکاندا پەیڕەوی ئەو لایەنانەی سەرەوەی کردووە ، بەمەش توانیویەتی تا ڕادەیەك ئەو مەرجانەی لە مێتۆدی ڕەخنەیی تەواوکاریدا بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوەی دەقەکان دانراوە، هەندێکیان پەیڕەو بکات .

**ئەنجام:**

١-عەلائەدین سەجادی لە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی دا بە شێوەیەکی نائاگایانە پەیڕەوی میتۆدی تەواوکاری کردووە لە لێکۆڵینەوەی ژیان و دەقی شیعری شاعیرەکان ، چۆنیەتی بەکارهێنانیشی لە شاعیرێکەوە بۆشاعیرێکی تر دەگۆڕێت . چونکە میتۆدە دەرەکییەکان و تا ڕادەیەکیش ناوەکییەکان و بونیان هەیە ، بەڵام میتۆدە ناوەکییەکان بەکەمتر هەستی پێدەکرێت.

٢- عەلائەددین سەجادی بایەخی بە ناوەڕۆكی دەقە شیعریەكان داوە ، كەمتر لای لە روخسار كردووە .

٣-لێكۆلینەوە لە وردەكاریەكانی ژیانی شاعیرەكان كراوە ، پەیوەندی نێوان بارودۆخی ژیان و داهێنانی شیعریان روونكراوەتەوە ، ئەمەش لە شاعیرێكەوە بۆ شاعیرێكی تر دەگۆڕێت .

٤-رەخنەگر لە لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی دەقە شیعریەكاندا سودی لە ژیانی شاعیرەكان و هۆكارە دەرەكییەكان وەرگرتوە .

٥-رەخنەگر هەندێ جار بیروباوەڕ و ئایدۆلۆژیاو تێروانین و چێژی كەسی خۆی كردووە بە پێوەری هەڵسەنگاندنی دەقەكان.

٦- وەكو خوێنەرێكیش رەخنەگر بۆ خوێندنەوەی دەقەكان و شیكردنەوەو لێكدانەوەی مەبەستەكانیان سودی لە زانیاریەكانی ژیانی شاعیران و هۆكارە دەرەكیەكان وەرگرتوە ، هەندێ جاریش پشتی بە چێژو سەلیقەی خۆی بەستوە ، هەوڵیداوە لە واتاو مەبەستی سەرەكی دەقەكان نزیك بێتەوە .

**سەرچاوەكان**

**كتێب بەزمان كوردی :**


١- سەججادی ، عەلائەددین ، مێژووی ئەدەبی كوردی (مێژوو ، ئەدەب ، زانیاری)، چاپی دووەم ، بڵاوكردنەوەی كوردستان( انتشارات كردستان) ، سنه ، ١٣٩٥.

**كتێب بەزمانی عەرەبی :**

٢- حجازی ، د.سمير سعيد ، النقد العربى المعاصر (قضاياه واتجاهاته) دار الافاق العربية ، القاهرة ، ٢٠٠١ .

٣- صليبة، د.جميل ، المعجم الفلسفى بالالفاظ العربية وافرنسية والانكليزية وللاتينية ، جزء١ ، دار الكتاب اللبنانى ، بيروت ، لبنان ، ١٩٨٢ .

٤- هايمن ، ستانلي ، النقد الادبي و مدارسه الحديثة ، ج٢، ت: د.احسان عباس و د.محمد يوسف نجم، دارالثقافة ، بيروت_ لبنان، ١٩٥٨.

٥- وارين ، رينيه ويليك و اوستن ، نظرية الادب ، ت:محي الدين صبحي ، ط٣ ، المؤسسة العربية للدراسات وانشر ، بيروت ، ١٩٨٧ .

**پێگەی ئەلیكترۆنی(ئینتەرنێت)**

٦- الموسوعه الحره. www.wikipedia.com


**ملخص البحث**


يعتبر النص الأدبي وحدة موحدة في داخله يتضمن مجموعة من المبادئ و الأجناس المختلفة عن طريق النظريات النقدية التي تدرس النصوص الأدبية ، و النقد الأدبي بمرور الزمن مرت بعدة تغييرات تضمن نظرياته و مناهجه . و النظريات و المناهج النقدية تدرس النصوص الأدبية حسب خصائصها ، و النقد التكاملي احدى النظريات الجديدة التي ظهرت في الآونة الأخيرة و هو نوع من الأنواع المناهج الأدبية المتنوعة يتضمن الكثير من الأجناس التي تدرس النص الأدبي في كل اتجاهاتها .

دراسة لـ(كتاب تاريخ الأدب الكردي لعلاء الدين سجادي ) محاولة لتعريف و بحث لتطبيق هذا النوع من نظريات الأدبية في النقد و الأدب الكوردي ، و لهذا السبب حاولنا أن نأخذ جزء من هذا الكتاب العريق في تاريخ الأدب الكوردي لدراسته لتكون مادة لدراستنا ، و سبب اختيارنا لهذا الموضوع و هذا الكتاب بالتحديد يرجع إلى قلة دراسة و تطبيق هذه النظرية النقدية في الأدب الكوردي مقارنة بالنظريات الأدبية الأخرى.

و يتكون البحث بعد المقدمة من فصلين رئيسين و خاتمة و قائمة المصادر و المراجع و ملخص البحث باللغة الكوردية و العربية و الانكليزية ، و يتكون الفصل الأول من فقرتين الفقرة الأولى خصصناه للتحدث عن مصطلح التكاملي و الفقرة الثانية خصصناه للتحدث عن النظرية التكاملية كنظرية للبحث في النصوص الأدبية من حيث الشكل و المضمون ، و الفقرة الثالثة خصصناه للبحث عن مصطلحات الثلاث من حيث المنهج التكاملي و هم (الأديب و النص و قراءة النص).

أما الفصل الثاني فيتضمن ثلاث فقرات ، الفقرة الأولى المناهج النقدية في هذا الكتاب من حيث أولاً مسألة استخدام المنهج النقدي في الكتاب و ثانياً النظرية النقدية الخارجية و الداخلية في الكتاب ، و الفقرة الثانية دراسة الشكل و المضمون في النص الشعري ، و الفقرة الثالثة خصصناه (للشاعر و النص و القارئ في هذا الكتاب ) .


## Abstract:


The literary text is considered a unified unit within it that includes a set of principles and different genres through critical theories that study literary texts, and literary criticism, by the time has many changes with all its theories and methods.

Critical theories and curricula study literary texts according to their characteristics, and integrative criticism is one of the new theories that have emerged recently.

A study of (The History of Kurdish Literature by Alaa al-Din Sajadi) is an attempt to define and research the application of this type of literary theories in Kurdish literature and criticism, and for this reason we tried to take part of this ancient book in the history of Kurdish literature to study it to be a material for our study, and the reason for choosing us This topic and this book in particular is due to the lack of study and applied of this critical theory in Kurdish literature compared to other literary theories .

After the introduction, the research consists of two main chapters, a conclusion, a list of sources and references, and a summary of the research is in (Kurdish , Arabic , English) languages . In terms of form and content, and the third paragraph we devoted it to searching for the three topic in topic of the integrative approach, which are (the writer, the text, and the reading of the text) and for the second chapter, it includes three paragraphs, the first paragraph being the critical approaches in this book in terms of first the issue of using the critical method in the book and secondly the external and internal critical theory in the book, and the second paragraph studying the form and content in the poetic text, and the third paragraph we allocate it (for the poet The text and the reader are in this .